# ئافرەتان بە گەرمی یادی راپەڕین دەکەنەوەو داوای دروستکردنی سۆزی نەتەوەیی لەلای منداڵان دەکەن

دایکانی کورد بە درێژایی مێژوو لە پەروەردەکردنی رۆڵەی ئازاو چاونەترس و نیشتمانپەروەردا پێشەنگ بوون و خۆشیان شان بە شانی باوك و برا و هاوسەر و کوڕیان لە شۆڕشە و بەرخۆدانی کورد بەشدار بوون. لەم دۆخەشدا کە هەرێمی کوردستان بەتەواوی لە هاوبەشیی راستەقینە لەعێراقدا پشتگوێ خراوەو هەموو هەوڵەکانی بۆ بونیادنانەوەی عێراقی دوای رووخانی بەعس نادیدە گیراوەو تەنانەت قوتی خەڵك و بودجەکەی لە سەردەمی سەرۆك وەزیرانی پێشووی دەوڵەتی عێراقەوە تا هەنووکە بڕاوە، هاوکات دوای قوربانییەکی زۆر کە پێشمەرگە نەبەردەکانی کوردستان توانییان ئەفسانەی داعش پووچ بکەنەوە و لە سەر خاکی کوردان رایانبماڵن، لە ئێستاشدا کە هەنگاوەکان لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نزیك دەبنەوە و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش سەر مەشقی ئەو هەنگاوانە دەکات، جارێکی دایکانی کورد پشتیوانی ئەو ئامانجە نەتەوەییە دەکەنەوە و وێڕای ئەوەی بە گەرمی پێشوازی لە یادەکانی راپەڕینی مەزنی ساڵی ١٩٩١ دەکەنەوە، هاوکات خوازیاری دروستکردنی سۆزی نیشتمانی و نەتەوەیین لەلایەن دایکانەوە بۆ منداڵەکانیان، ئەوەش بە هەوێنی وڵاتپارێزی دادەنێن کە خۆی لە هەیبەتی ناوی پیرۆزی پێشمەرگەدا وێنا دەکات. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان ئەو پرسە گرینگە تاوتوێ دەکەن.



وداد حەمید سەعید بەرپرسی ئەنجومەنی ئافرەتانی قەزای دوبز، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە هەر پێشمەرگەیەکی قارەمانی ئەم کوردستانە دایکێکی نیشتمانپەروەر پەروەردەی کردووەو ئافرەتی کوردیش لە هەموو شۆڕشەکان و بزافی رزگاریخوازی کوردستان، شان بە شانی پیاون بەشدار بوون و رۆڵی بەرچاویان لە بەرەوپێشەوەبردنی ئامانجە نەتەوەییەکاندا هەبووە. هاوکات دەڵێت: «لەم کات و بارودۆخەدا کە سەرەتایەکی تازەیە بۆ بنیادنانی دەوڵەتی کوردستان، دەبێت دایکانی کورد لە هەموو کاتێك زیاتر رۆڵەکانی خۆیان هان بدەن بۆ ئەوەی پێشمەرگەئاسا پێشوازی لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکەن. ئەو قەیرانەش کە درووست بووە، هەر بەفیتی دوژمنانی گەلی کورد بووە کە بەرۆکی گرتووین، بۆیە زۆر پێویستە فێری منداڵەکانمان بکەین کە کورد بەهۆی نەبوونی کیانی سەربەخۆی، هەمیشە لەناو ئازارو مەینەتییەکاندا ژیاوە و کاتی ئەوە هاتووە بە تەواوی خۆی رزگار بکات.» گوتیشی: «دەبێت هەست و سۆزی منداڵەکانمان بجووڵێنین بۆ ئەوەی ئینتیمای نیشتمانی و بیر و فکری نەتەوەییان بکەنە چەکێکی مەعریفی بۆ پاراستنی خاك و ئاڵا و وڵاتی خۆمان. پێویستە نەوە بە نەوەی کورد بزانن ئەم ئازادییە ی هاتۆتە کایەوە بەرهەمی خوێنی شەهیدان و گیانبەخشین و فیداکاریی هێزی پێشمەرگەیە کە تا ئێستاش لە بەرەکانی جەنگدا لە جێگای هەموو جیهان شەڕی گەورەترین رێکخراوی تیرۆریستی دەکەن. لەم رۆژانەشدا کە لە نەورۆز و یادی راپەڕینە مەزنەکەی گەلی کورد نزیك دەبینەوە، دەبێت وەك دایکانی کورد هەوڵی یەکرێزیی ناوماڵی کورد و ئاشتەوایی ناوخۆیی بدەین، چونکە هەر یەکرێزی بووە کە توانیویەتی کۆت و بەند و زنجیری دیلی تێکبشکێنێت. پەیامی ئێمە ئەوەیە هەموو حزب و لایەنەکان رێز لە خوێن و خەبات و تیکۆشانی شەهیدان بگرن و بە کۆدەنگی و دامەزرانی دەوڵەتی کوردستان رۆحی پاکی شەهیدانمان شاد بکەن.»

رۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی شیلان عوبدولمەناف، سەبارەت بەهەمان پرس دەڵێت: «ئافرەت لە زور رێگاوە دەتوانێت سۆزی نەتەوەیی لەناو دڵی منداڵەکانیدا بچێنێت، بۆ نموونە دەتوانێت هەوڵبدات چیرۆك و رووداوەکانی مێژووی کورد بۆ منداڵەکانی باس بکات. یان منداڵەکانی لەگەڵ خۆیدا بو کەرنەڤاڵ و ئاهەنگ و جەژنە نەتەوەییە کان ببات و هانیشیان بدات لەو چالاکییانەدا بەشداری بکەن، تاوەکو هەست بە سوز و پێوەندییەکی بەهێزی وا بکەن، کە ئەوانیش پارچەیەکن لەو وڵاتەو لەو خاکە پیرۆزە جیاناکرێنە، لەلایەکی دیکەوە ناوی کوردی زۆر گرینگەو کاتێك دایك ناوی کوردی بۆ منداڵی خۆی هەڵدەبژێرێت، ئەوا منداڵەکەی هەمیشە شانازی بە ناوەکەی دەکات و وادەزانێت ناسنامەی نەتەوەیی بە ناوەکەیەوە گرێدراوە. هەنگاوێکی دیکە ئەوەیە دایك هەوڵبدات منداڵەکانی فێری سروودی نیشتمانی بکات و ماناکەشی بۆیان روون بکاتەوە. لە ئێستاشدا کە لە یادەکانی راپەرین نزیك دەبینەوە، پەیامی ئافرەتان بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان دەبێت ئەوە بێت کە نەتەوەی کورد هیچ کاتێك کوێلایەتی قبووڵ نەکردووە، بەپێچەوانە هەمیشە قوربانی داوە بۆ ئاشتی و ئازادی و رزگاری و رزگاربوونی تەواویش تەنیا بە دامەزرانی دەوڵەتی کوردستان مسۆگەر دەبێت، تەنیا گەرەنتیش بۆ ئەوە یەکگرتن و یەکڕیزی کوردە و نابێت خوێن و خەباتی شەهیدانمان بەفیڕۆ بدەین. پێویستە لەم بارۆدوخە هەستیارەشدا زۆر زیاتر وریا و یەکدڵ و یەکدەست وهاودەنگ بین، تاوەکو دەستکەوتەکان لە دەست نەدەین.».

بێریڤان جەبار حەمد (بێریڤان گەردی) میدیاکارو چالاکی سیاسی و ئەندامی مەکتەبی رۆشنبیری لقی ١٥ی خانەقینی پارتی دیموکراتی کوردستانەو ئەویش رایوایە «گرانبەهاترین شت بۆ هەر نەتەوەیەك وڵات و نیشتمانەکەیەتی، بۆ ئێمەی کوردیش هەروایە و هەرچی کۆشش بکەین لە پێناویدا ناتوانین حەقی خۆی پێ بدەین. ئێمەش خاکی خۆمان هەیە و لەسەر ئەو خاکە لەدایك دەبین و گەشە دەکەین و دەژین، ئەگەر لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەردا نەبین، ئەوا ئاسایشمان بۆ دابین دەکرێت و ئاسوودە دەژین، بەپێچەوانەوە هەمیشە لە ژێر هەڕەشە و مەترسیدا دەبین. بۆیە خۆشەویستیی نیشتمان ئەرکێکی پیرۆزە و وڵات ناسنامەی نەتەوەیی پێشکەش کردووین، بۆیە پاراستنی ئەو ناسنامەیە ئەرکی سەرشانی تاك بە تاکمانە و دایکانیش لە دروستکردنی ئەو ئەویندارییە پشکی شێریان بەر دەکەوێت. چونکە دایکان هەر لە منداڵییەوە فێری سۆز و خۆشویستنی وڵاتمان دەکەن، وڵاتیش ماڵی گەورەی هەمووماناو هەم دەبێت بیپارێزین و هەم دەبێت خاوێن رایبگرین.»


بێریڤان گەردی بە بەرزی یادی راپەڕینی شکۆداری بەهاری ١٩٩١ی باشووری کوردستان دەکاتەوەو بە پێویستی دەزانێت بە گەرمی پێشوازی لەو مێژووە بکرێت. هەر لەو بارەشەوە دەڵێت: راپەڕین بووە هۆی ریشەکێشکردنی زۆلم و زۆرداری لەسەر کوردستان و سەرفرازی و سەرکەوتنی کوردی تۆمار کرد، هەرێمی کوردستان دەستکەوتێکی گەورەی راپەڕین و خوێنی گەشی شەهیدان و خەباتی هێزی پێشمەرگەو جەماوەری بەشەرەفی کوردستانە کە پێویستە ئەو دەستکەوتە بکەینە هەوینی دامەزراندنی دەوڵەتی سە ربەخۆی کوردستان و بە گیان و رۆح بیپارێزین.»

زانیار داقوقی رۆژنامەنووس و چالاکی سیاسییەو سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە سۆزی نەتەوەیی و خۆشویستنی نیشتمان شتێکی خۆڕسکەو منداڵ هەر زوو بە زێد و وڵات و نیشتمانی خۆی ئاشنا دەبێت، بەڵام پەرەسەندن و گەشەی ئەو ئینتیما نیشتمانییە لە دایك و خێزان و قوتابخانەوە دەستپێدەکات. بە روونکردنەوەی بەسەرهات و رووداوەکانی مێژووی کورد وساڵیادو ئاهەنگ و بۆنە نەتەوەییەکان، دەتوانین بەرچاوڕوونییەکی زیاتر بە منداڵ ببەخشین، دروستبوونی سۆزی نیشتمانی و فکری نەتەوەییش لەلای منداڵ، دەبێتە چەکێکی بەهێز کە دەتوانێت لە دوارۆژدا وڵاتەکەی پێ بپارێزیت. ئێمەی موسڵمان دەزانین تەنانەت لە قورئانی پیرۆزدا بە وردی باس لە خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمان کراوە.»

خاکی خۆمان هەیە و لەسەر ئەو خاکە لەدایک دەبین و گەشە دەکەین و دەژین، ئەگەر لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەردا نەبین، ئەوا ئاسایشمان بۆ دابین دەکرێت و ئاسوودە دەژین، بەپێچەوانەوە هەمیشە لەژێر هەڕەشە و مەترسیدا دەبین

ناوی کوردی زۆر گرینگەو کاتێک دایک ناوی کوردی بۆ منداڵی خۆی هەڵدەبژێرێت، ئەوا منداڵەکەی هەمیشە شانازی بە ناوەکەی دەکات و وادەزانێت ناسنامەی نەتەوەیی بە ناوەکەیەوە گرێدراوە

پێویستە هەموو حزب و لایەنەکان رێز لە خوێن و خەبات و تیکۆشانی شەهیدان بگرن و بە کۆدەنگی و دامەزرانی دەوڵەتی کوردستان رۆحی پاکی شەهیدانمان شاد بکەن



# لە پێشوازی 8ی مارسدا خەباتی یەکسانیخوازی بەردەوامە

لە هەلومەرجێکدا پێشوازی لە هەشتی مارسی دەکەین کە جیهان بە یەکێک لە ئاڵۆزترین کاتەکانی خۆیدا تێدەپەڕێ. سەرهەڵدان وگەشە کردنی داعش و ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕو ئاوارە بوونی ملیۆنان کەسی بێتاوان وایکردووە بارودۆخی ئافرەتان مەترسیدارتر بێت. کەچی ئەم بارودۆخە نەک ئافرەتانی خەباتکاری کوردی نەترساند، بەڵکو هاوشانی پیاوان لە رووبەڕووبوونەوەی داعشدا رۆڵێکی بەرچاویان گێڕا، هەرچەند کەم نەبوون ئەو ئافرەتانەی لەلایەن داعشەوە گیران و وەک کۆیلە مامەلەیان پێوەکرا، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا خەباتی ئافرەتان بۆ سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان بەردەوامە و خانمان پێیانوایە هەتا ئێستاش بە بیانووی جۆراوجۆر مافەکانیان پێشێل دەکرێ و بەربەستەکانی بەردەمیان رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەبێت و میکانیزمەکانی کارکردن بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەرئەنجامی خوازراویان لێنەکەوتۆتەوە، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لە دیدگای جیاوازەوە بابەتەکە هەڵدەسەنگێنن.

تریفە ئەحمەد چالاکی کۆمەڵی مەدەنییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «رۆژی هەشتی مارس رۆژی بەرەنگاربوونەوەی ژنانی جیهانە بە رووی ئەو هەموو ناعەدالەتی و بێمافی و بە کاڵا سەیرکردنی ئافرەتان، بەتایبەت لە ناو گەلانی دواکەوتووی ئاسیا و ئەفریقا و وڵاتانی رۆژهەڵاتی بەشێوەیەکی گشتی.» گوتیشی: «هەشتی مارس لەدایکبوونی دەنگی نارەزایی ئافرەتانە بە رووی بێقانوونی و بە پلە دوو سەیرکردنی ئافرەتان، بۆیە لەم رۆژەدا هەموو ژنان بە یەك دەنگ داوای یەکسانی هەمەلایەنەی نێوان ژن و پیاو دەکەن، ئەوەش بە نەخشەرێگەیەك دەزانن بۆ هینانەکایەی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و پێشکەوتووخواز کە تێدا تاکەکانی کۆمەل بە ژن و پیاوەوە لە مافەکانیان بەهرەمەند بن. بەداخەوە هەتا ئەمڕۆش بە زۆر بەشوودان و کوشتن و سووتان، و کوشتن لە ژێر ناوی نامووس و...هتد، هەروەها نەبوونی یاسا بۆ بەرگری لە مافەکانی ژنان، یان باشترە بڵێین یاساکانی دژە ژنان، بەشێك لەو تراژیدییە زیندووانەن کە هەر بەردەوامن. بۆیە لەم رۆژەدا ژنان بە یەك دەنگ و لە یەك ریزی پتەودا رووبەڕووی ئەو بێمافی، نایەکسانی و پلە دوویە دەبنەوە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا و دژ بەگەندەڵی و بەکاڵاکردنی ئافرەتان لە بازاڕی بیرەحمی پول و پارەدا دەوەستنەوە، هەروەها خەباتە بۆ هێنانەدنیای ژیانیکی یەکسان و ئازاد بۆ مرۆڤ و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی پشتبەستوو بە زانست و هونەر کە تیایدا تاکەکان بەهرەمەند و ئاسوودە بن.»

رۆژنامەنووس خەلیل پاڵانی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «سەرەتا دەمەوێ بڵێم هەر باشە رۆژێك هەیە بەناوی رۆژی جیهانی ئافرەتان، کە رەنگە زۆرێك لە رێکخراوەکانی ئافرەتان لەو رۆژەدا چالاکی ئەنجام بدەن و بیریان بکەوێتەوە، کە کاری لەپێشینەی ئەوان داکۆکیکردنە لە رەگەزی مێ و کارکردنە لەسەر بڵاوکردنەوەی وشیاری لەمامەڵەکردن لەگەڵ گرنگترین رەگەزی نێو کۆمەڵگە. لۆژیك نییە ئەگەر بڵێین رێکخراوەکانی ئافرەتان کاریان لەو بوارەدا نەکردووە، بەڵام بەبۆچوونم ئەوەی جێگەی داخە ئاراستەی هەنگاوەکان تەندروست و بەبەرنامەو پلان نەبووە، بەردەوامبوونی توندوتیژییەکان گەواهی ئەو راستییەن، لەشوێنی ئەوەی کارەکان باشتر بکرێن، ئەوان هۆکاربوون بۆ ئەوەی هەردوو رەگەز سەنگەر لەیەکتر بگرن، نەوەك هەریەکەیان سنووری ئازادی و مافی کەسی بەرامبەر لەبەرچاو بگرێ و هەرسی ئەو راستییانە بکات. لەلایەکی دیکەوە پێموایە ئەگەر ویستیش هەبێ لەسەر هەنگاونان بۆ باشترکردنی رەوشی مێ، ئەوا رێکخراوەکانی ژنان لەزۆرێك لە کەیسەکان ناتوانن بێنەدەنگ، بەڵکو بێدەنگی هەڵدەبژێرن، ئەگەریش کەیسەکان بەلاوە بنرێن، یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەیە کە وابەستەی حزب، یان لایەنێکی سیاسین و لەسەرووی خۆیانەوە فەرمان وەردەگرن. ئەوان کە تا ئێستا نەیانتوانیوە لەنێو خۆیان رێك بکەون لەسەر بەکارهێنانی دەستەواژەیەکی یەکگرتوو لەناوهێنانیان بۆ رەگەزی مێ، (ئافرەتان — ژنان) چ جای توانای گۆڕینی دیدگای کۆمەڵگە بەرامبەر بە رەگەزی مێ. لەدواییدا ئەوەی شایەنی ئاماژەدانە، ناڵێم تەنیا پێویستە کار لەسەر دەستەبەرکردنی مافی مێ بکرێت، بەڵکو پێویستمان بەئاشتەواییە، پێویستە کارەکان بەو ئاراستەیە بن، کە هەردوو رەگەزی نێرو مێ لەگەڵ یەکتر ئاشت بکرێنەوە، هەریەکەیان سنووری ئازادی خۆی و بەرامبەرەکەی بزانێ و لەناخەوە باوەڕی بۆ دروست ببێ کە تاکێکی یەکسانیخواز بێت، لەهەمان کات ئەوەش بزانرێ کە هیچ مرۆڤێك خاوەنی مرۆڤێکی دیکە نییە، هەتا مافی ئەوەی هەبێ هەر جۆرە توندوتیژییەکی لەگەڵ ئەنجام بدا، خودای گەورە مرۆڤی دروستکردووەو سەردەمی کۆیلایەتی مرۆڤ بۆ مرۆڤیش بەسەر چووە».

ئیلهام چایچی چالاکی بواری مافەکانی ئافرەتە و سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**دەکرێ لەمەودوا هەوڵ بۆ سەرووەری مرۆڤ بدەین، کە تێیدا ژن و پیاو وەک دووبونەوەری هاوبەش بەبێ جیاکاری رەگەزی و بە ئاسوودەیی تێیدا بژین**

**رێکخراوەکانی ئافرەتان لەکوردستان و بەخودی ئەنجومەنی باڵای خانمانیشەوە تەنیا ئافرەتانی ناو شار بە ئافرەت دەزانن و ئافرەتانی گوندو ناحیە و قەزا دوورەدەستەکانیان فەرامۆش کردووە**

**پێویستە کەناڵەکانی (تیڤی) چەندین بەرنامە لەسەر هۆشیارکردنەوەو پەروەردەی خێزانی و تاکی یەکسانیخواز پێشکەش بکەن**

چالاکان و ڕێکخراوەکانی بواری ژنان، لە دەستنیشانکردنی دیاردە، کێشە و بێمافی ژنان لە بواری جۆراوجۆر زۆر بە باشی و بەرفراوان کاریان کردووە. دیارە کارکردن لەسەر ئەم بوارەش پێویستی بە هێزێکی چالاك و پسپۆڕ هەیە کە بە خۆشییەوە ژنانی کوردستان بە خۆپێگەیاندن توانیویانە بگەنە ئەم ئاستە، بەڵام لە بواری یاسایی و جێبەجێکردنی کەموکوڕی زۆرن، چارەسەری کێشەکانیش زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی یاسادانەرو هێزی جێبەجێکاری یاسا کە حکومەتە».

**لە بواری یاسایی و جێبەجێکردنی کەموکوڕی زۆرن، چارەسەری کێشەکانیش زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی یاسادانەرو هێزی جێبەجێکاری یاسا کە حکومەتە**

حەسیبە سەعید مامۆستا لە پەروەردەی سۆران، ڕایوایە: «لە هیچ وڵاتێکی دنیادا نییە کە بەرپرسیارەتی لە ڕەوشی خێزان، لە ئەستۆی یەك دەزگا، یان یەك فەرمانگە، یان چەند ڕێکخراوێکی ئافرەتان و ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی بێت، بەڵکو هەمووان لێ بەرپرسیار دەبن، ئەو ڕێکخراوانەش تەنیا ڕۆڵی بەدواداچوون و وشیارکردنەوەی چین و توێژەکان دەگێڕن و ناتوانن لە پەروەردەکردنی تەندروست و زانستی لە خێزان و کۆمەڵگەدا بەتەواوی کارا بن. واتە کۆی دامەزراوەکانی حکوومی و ناحکوومی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مامۆستایانی ئایینی و دەزگا میدیاییەکان و لەسەرووی هەموو دەزگاکانیشەوە پەروەردە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە بنیادنانی تاکی تەندروست کە بنەمای خێزانێکی تەندروستەو لەئەنجامدا کۆمەڵگەیەکی تەندروستیش دروست دەکات.

**هیچ مرۆڤێک خاوەنی مرۆڤێکی دیکە نییە، هەتا مافی ئەوەی هەبێ هەر جۆرە توندوتیژییەکی لەگەڵ ئەنجام بدا، خودای گەورە مرۆڤی دروستکردووەو سەردەمی کۆیلایەتی مرۆڤ بۆ مرۆڤیش بەسەر چووە**

بەڵام ئەوە جێی پرسیارە کە بۆچی کێشە خێزانییەکان ڕوو لە زیاد بوونن، بەتایبەت خۆسووتاندن و بەزۆرەملێ بە شوودانی کچانی منداڵ و...هتد، لە کاتێکدا ئێمە لە سەردەمی مۆدێرنیزمدا دەژین؟ لە دیدی منەوە هۆکارەکانی پاڵنەر بۆ هەڵکشانی ئەم دیاردانە بریتین لە: سۆشیال میدیا- ئەنتەرنێت وەك تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە بەشێوەیەکی لەناکاو هاتنە ناو کۆمەڵگەی ئێمە، بە بێ ئەوەی ئێمە وەکو حکومەت و دەزگا پەروەردەییەکان و تاکی خێزان خۆمان بۆی ئامادەکردبێت. بۆیە لەو دوو لایەنەی سۆشیال میدیا زیاتر لایەنە سلبییەکەی لە ناو کۆمەڵگەی ئێمە بەرجەستە بووە. هەروەها کەناڵە تیڤیەکان لە بری ڕۆڵی هۆشیارکردنەوە بگێڕن، زۆربەیان ڕۆڵی خراپ دەگێڕن، نموونەی زەق، دراما بیانییەکان و وەرگێڕانەکانیانە کە بە شێوەیەکی ناتەندروست دەکرێن و زۆر وشەی نەشیاوی تێدا بەکار دەهێنن. دەکرێ ئەوانە چاودێری بکرێن، هاوکات کەناڵەکانی (تیڤی) چەند بەرنامەیەك لە سەر هۆشیارکردنەوەو پەروەردەی خێزانی و تاکی یەکسانیخواز پێشکەش بکەن.» گوتیشی: «لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کرانەوەیەك هەیە و جێی خۆشحاڵییە کە کۆمەڵگەیەکی فاشیل نین. لەبەر ئەوەی چالاکیی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و سەنتەری ڕاوێژکاری خێزان و دادگای تایبەتمەندی خێزای و بوونی چەند شەلتەرێك لە هەرێمی کوردستان وای کردووە کرانەوەیەکی باش لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا هەبێت و کوردستان تا ڕادەیەك لە چاو وڵاتە عەرەبییەکان و وڵاتانی دراوسێمان ئەرك و مافەکان لە ڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و وەرزشی و بەشداری ئافرەتان لە دامودەزگا حزبی و حکومییەکان زۆر زیاتر بێت و ڕۆڵی بەرچاویان لە ناو کۆمەڵگەدا هەبێت.»

**ئاراستەی هەنگاوەکان تەندروست و بەبەرنامەو پلان نەبووە، بەردەوامبوونی توندوتیژییەکان گەواهی ئەو ڕاستییەن، لەشوێنی ئەوەی کارەکان باشتر بکرێن، ئەوان هۆکاربوون بۆ ئەوەی هەردوو ڕەگەز سەنگەر لەیەکتر بگرن**

فەرەیدون بێوار توێژەری کۆمەڵایەتییە و سەرتا ئاماژە بەوە دەکات کە «ڕۆژی هەشتی مارس، وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە بزاڤی ئافرەتان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان. کۆمەڵێك ئافرەتی بوێر و چالاك لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی ئافرەتان قوربانییان دا. لەدوای ئەو مێژووەوە کۆمەڵێك ڕێکخراوی تایبەت بە ئافرەتان و چالاکوان هاتنە مەیدانەکەوە بۆ درێژەدان بەو بزاف و شۆڕشە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە گۆڕینی ئاراستەکەو بە ڕواڵەت کردنی ڕۆژی جیهانی ئافرەتانە. ئێستا وەك بۆنەو یادکردنەوەی هەشتی مارس تەنیا ڕێورەسمی بۆ سازدەکرێ، نەك بۆ پێداچوونەوەو چڕکردنەوەی هەنگاوەکان و باشتر کارکردن و دیاریکردنی

کێشـەکانی ئافرەتـان و دیاریکردنـی میکانیزمەکانـی کارکـردن بـۆ چۆنیەتـی چارەسـەرکردنی کێشـەو گرفتـی ئافرەتـان، یاخود بەرنامەڕێژی بۆ بڵاوکردنەوەی وشیاری و ئاشـناکردنی ئافرەتـان بـە مافەکانیـان. کێشـەکە لەوەدایـە کـە ڕێکخراوەکانـی ئافرەتـان لەکوردسـتان و بەخـودی ئەنجومەنـی بـاڵای خانمانیشـەوە تەنیـا ئافرەتانـی نـاو شـار بـە ئافـرەت دەزانـن و ئافرەتانـی گونـدو ناحیـە و قـەزا دوورەدەسـتەکانیان فەرامـۆش کـردووە. ئێسـتا ئـەم یـادە بۆتـە بۆنەیـەك بـۆ پارەخواردن و پارە خەرجکـردن و لەبەرکردنی جلوبەرگی ئـاڵاو واڵا و دانیشـتنی پیـاوان لـە ریـزی پێشـەوەو وەرگرتنی پۆست و پایـە لەلایـەن هەندێـك ئافرەتـەوە بەنـاوی خزمەتکـردن بەئافرەتـان. ئێسـتا ساڵانە حکومەتـی هەرێم پارەیەکـی زۆر بـەو نـاوەوە خـەرج دەکات، کـە نیـوەی زیاتـری بەهـەدەر دەچـێ و ناچێتـە خزمەتـی ئافرەتانـەوە. هـەر چەنـدە مـن لەگـەڵ مافـی مـرۆڤ و سـەروەری مرۆڤدام و بڕوام بە ڕەگەزپەرستی و مافی تاکڕەگـەزی نییـە. بۆیـە دەکـرێ لەمـەودوا هـەوڵ بـۆ سـەروەری مـرۆڤ بدەیـن، کـە تێیـدا ژن و پیـاو وەك دووبونـەوەری هاوبـەش بەبـێ جیـاکاری ڕەگـەزی و بـە ئاسـوودەیی تێیـدا بژیـن.

لـە سـاڵی ١٩٧٧ ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـڕیاری دا کـە ٨ی مـارس وەك ڕۆژی جیهانـی ئافـرەت بـە فەرمـی بناسـرێ و لەو کاتـەوە هەتا ئێستا لە ٨ی مارسی هەمـوو سـاڵێك، ئافرەتانـی جیهـان ئـەم ڕۆژە بـەرز و پیـرۆز رادەگـرن و لـە زۆربـەی ئـەو وڵاتانـەش کـە هێشـتا مافـی ئافرەتـان مسـۆگەر نەکـراوە، ئـەو ڕۆژە دەبێتـە ڕۆژی خۆپیشـاندان و ناڕەزایـی دەربڕیـن.